# تەشکیلاتی هاملتۆن لەکەنەدا کۆڕێکی سەبارەت

## جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ڕێکخست !




ڕۆژی 2007/4/14 تەشکیلاتی حیزب لەشاری هاملتۆن، کۆڕێکی بۆ هاوریان عادل ئەحمەد و نوری بەشیر ڕێکخست، کۆڕەکە کە هاورێ نازەنین عەلی بەریوەی دەبرد زەرورەتی ئەم جۆرەکۆڕانەی لەسەر هەلومەرجی کوردستان، ئیشارە پیدا کە لەتۆرنتۆ ئەنجامدراوەو ڕۆژێك دواتر کەلەلایەن کۆمەڵەی کوردی لەئۆتاوا بانگێشتی بۆ هاورێ نوری بەشیر کردوە، ئەنجام دەدرێ.

هەریەکە لەهاوریان ( عادل و نوری ) لایەنی جۆراوجۆری هەلومەرجی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو عیراق و ناوچەکە رونکردەوە، وە لەسەر نا ئیستقراری کوردستان لەوەی کەدەوڵەتێکی سەربەخۆ نیەو بەشێك نیە لەدەوڵەتێکی ئیستقرار، هێندەی تر خەڵکی کوردستانی لەچاوەروانی و ترسدا راگرتوە، وە دەسەلاتداریێتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد خەڵکی کوردستانیان بێئیرادە کردوە لەوەی کەبێنە مەیدان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان، هاوکات حکومەتێکی قەومی عەرەبی ئیسلامی کەئیمزای لیدراوە و پەلکیشی کوردستانیان کرد بۆ بەستنەوەی بە عیراقەوە، هێندەی تر نائومیدی لای خەلك دروستکردوە، وە دەخالەتی بەردەوامی دەولەتانی ناوچەکەو فاکتەریکی تر کەزیاد بوە ئەویش وولاتانی قەومی عەرەبی و تاکید کردنەوە لەوەی کە دەولەتی عیراق ئەبێت دەولەتیکی قەومی عەرەبی بیت، هیندەی تر خەلکی کوردستانی لەئایندەی جیگیربونی دەولەتی عیراقیدا، بەدرەجەدویی لەنادیاریدا راگرتوە.

تاکید کرایەوە لەوەی کەهێشتنەوەی کوردستان لەچوارچیوەی عیراق و تاکیدکردنەوە لەیەکپارچەیی خاکی عیراق، وە نەبوونی باس و بەرنامەو سیاسەتیکی ئەحزابی دەسەلاتدار بۆجیابونەوەی کوردستان خۆی مەسەلەیەکی سیاسیەو قازانج و بەرژدوەندیانی لەپشتەوەیە، کەخەلکی کوردستان بەرژەوەندیەکی تریان

هەیە جیاوازە لەکارو بەرنامەو بەرژوەندی ئەوان، بۆیە دەبیت هیزو ئیرادەیان بهێنریتە مەیدان. یەك مەسەلەی تر کە هاوریان تاکیدیان لیکردەوە ئەویش مەدەنیەتی کۆمەڵگای کوردستان، بەپێچەوانەی کەسانێك کەنەزەریان وایە کۆمەڵگای کوردستان دواکەوتوەو نەخوێندەوارە، کە هاوری نوری بەشیر، بەعەکسی ئەو بۆچونەوە کەبۆچونی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیە بۆ زاڵکردنی فەزای دەسەلاتی بێرەقیبی خۆیان، ئەوەی رۆشنکردەوە کەچ سیاسەت و بەرنامەیەك لەپشتی ئەوتێروانینەوە هەیە.

لەبەشی دوایی کۆرەکەدا، بەشدار بوان دەخالەتێکی زۆریان کرد، لەبەرامبەر پرسیاریکدا کەهەیانبوو رونکردنەوەی پیویست دراو، وەرێگا چارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کەخستویەتە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان لەجیابونەوەو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ کارسازترین ریگایە و مەسەلەی کەرکوکیش هەر لەویوە چارەس ئەبیت نەك بەقەراری 140.

کۆرەکە پاش چەند کاتژمیر بەگەرمی و شۆرو شەوقەوە کۆتایی هات.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

**کۆمیتەی کەنەدا**

---

عادل ئەحمەد 416 - 877 35 77
adilahmed1@sympatico.ca

www.wpiraq.net